سەماحەتی حەکیم.. ئاماژەی ڕاستەقینە هەن لەسەر ئەوەی حکومەت کار بۆ نەهێشتنی گەندەڵی و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری دەکات

مضيف السادة الطوال
ammaralhakeem.com

لەناوچەی وەحدە لەقەزای مەدائن لە میوانخانەی بەڕێزانی ئەتوال ئەلحوسنیین و لە میوانخانەی تایبەتی مەهدی ئەلتەویل لە بەرواری 10-3-2023 بەڕێز عەمار حەکیم سەرۆکی ڕەوتی حیکمەی نیشتمانی چاوی بە کۆمەڵێك شێخ و کەسایەتی دیاری ناوچەکە کەوت و لەم دیدارەدا پیرۆزبایی یادی لەدایکبوونی ئەهلی بەیتی کرد (سڵاویان لێ بێت) ولەگەڵ لەدایك بوونی ئیمام مونتەزەر (سڵاوی لێبێت).

سەماحەتی ئاماژەی بە پەیوەندی عێراق و جووڵەی مێژوو و پەیوەندی عێراق و پڕۆژەی چاکسازی ئیمام مەهدی کرد کە بناغەی لەسەر دادپەروەری و عەقڵەوە بووە و ڕوونیکردەوە کە عێراق ڕووبەڕووی چەندین ئەجیندای ناوخۆیی و دەرەکی بووەتەوە کە ئامانجیان تەگەرە خستنە بەردەم پڕۆژەی عێراقی و لەدان و لەبار بردنی ئەو ئەزموونە تازەیە دیمۆکراتییە بووە، ، بەڵام عێراق توانی ئەو هەموو ڕکابەری و قۆناغانە تێپەڕێ بکات کە لەسەر ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون.

لەکۆتاییدا سەماحەتی گوتی کە پێویستە کەشو هەوای گەیشبینی و ئەرێنی باڵ بەسەر دۆخە بکێشێت و ئیستا بەرەوپێشچوونێکی بەرچاو بەدی دەکرێت لە ڕووی ئارامی سیاسی و بڵاوبوونەوی زمانی گفتوگۆ نێوان لایەنە ناکۆکەکان، سەماحەتی پاڵپشتی خۆی بۆ حکومەت دووپات کردەوە و گوتی هەموو ئاماژەکان دەریدەخەن کە سەرکەوتین بەرچاو لە ڕووی نەهێشتنی گەندەڵی و پێشکەش کردنی خزمەتگوزاری هەیە و نیەتی ڕاستەقینەش هەیە کە هەموو تواناکان بۆ خزمەتی هاوڵاتیان بخرێتە گەڕ.